# سەرچاوەکانی یەك خواناسین

[ كردي – کوردی – kurdish ]

سەرباز حەمید کەرکوکی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ مصادر التوحيد ﴾

« باللغة الكردية »

سرباز حميد قادر

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# سەرچاوەكانی یەك خواناسین

برایانی خۆشەویست بێ گومان یەك خواناسین گەورەترین شتە كە مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی، وە هۆكارێكی سەرەكیە بۆ بەختەوەری دونیاو قیامەت، وە پێویستە هەموو خەڵكی فێری ببێت و لە مانای تێ بگات، بۆیە حەزم كرد باس لە سەرچاوەكانی یەك خواناسین بكەم بۆ ئێوەی بەڕێز.

خۆشەویستان: هەموو زانستێك لە زانستەكان سەرچاوەی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت.

وە عیلمی تەوحیدیش سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕێگەیەوە بنچینەكانی لێ وەردەگیرێت، وە ئەو سەرچاوانە بریتین لە:

**یەكەم: قورئانی پیرۆز:**

قورئانی پیرۆز كەلام وبەڵێنی بەهێزی خوای گەورەیە، دایبەزاندوەتە سەر پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم بە زمانی عەرەبی، وە تێگەیشتنی ئاسان كردوە بۆ هەموو جیهان، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ} (القمر :١٧)

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن جا ئایا پەند وەرگرێك هەیە؟.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە قورئانی پیرۆز یەکەمین سەرچاوەیە کەوا بیروباوەری یەك خواناسینی لێوە وەردەگیرێت.

ئیمامی بەیهەقی دەڵێت: ئەهلی سوننەت وجەماعەت سەرچاوەی بیروباوەڕیان بریتیە لە کتاب وسوننەت.

وە هەموو سورەتێك لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز جۆرەکانی تەوحید لە خۆ دەگرێت.

وە قورئانی پیرۆز هەمووی دەربارەی تەوحید ومافەکانی و پاداشتەکەی دەدوێت و، باسی شیرك و موشیریکەکان وسزاکانی دەکات.

## دووەم: سوننەتی پاکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم:

سوننەتی پاکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دووهەمین نیگایە لە لایەن خوای گەورەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ} (النجم : ٣،٤)

وە لەهەواو هەوسەوە قسە ناکات کە قورئان دەخوێنێت، هەرچی دەیڵێ (قورئانەو) سرووش دەکرێ بۆی.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وه پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:((ألا أني أوتيت القرآن ومثله معه)) أخرجه أحمد وأبو داود، وصححه الألباني في تحقيق المشكاة ١/ ٥٧ـ٥٨ رقم ١٦٣.

وه سوننەت بە پلەی دووهەمین دێت لە پاش قورئانی پیرۆزەوە، وە ڕوونکەرەوەی زۆر شتە لە قورئانی پیرۆزدا.

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش ئەوەی وەفات بکات هەموو شتێکی ڕوونکردوەتەوە، وە هیچ شتێکی شاراوە یان نادیار کە خەڵکی پێویستیان پێ بێت بۆ دین ودونیایان، پێغەمبەری خوا بە جوانترین وڕوونترین شێوە ئاشکرای کردوە بۆیان، وە خوای گەورە ئاینە پیرۆزەکەی تەواو کردوە بۆ بەندەکانی، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: {الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا} (المائدة :٣)
واتە: ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو(کامڵ) کردوە بۆتان و چاکەو بەهرەی خۆم بە تەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا و ڕازی بووم کە ئیسلام ئایینتان بێت.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وه هاوەڵەکان ـ خوای گەورە لێیان ڕازی بێت ـ شایەتن لەسەر ئەوەی ئاین تەواوە وپەیام گەیاندراوە وئامۆژگاری ئوممەت کراوە لە حەجی وەداع ( حجة الوداع ).

**سێهەم: وەرگرتن بە تێگەیشتنی** هاوەڵەکان خوای گەورە لێیان ڕازی بێت.

وەرگرتنی دەقەکانی قورئان وسوننەت ئەوەی دەربارەی بابەتەکانی یەك خواناسین بە هەموو جۆرەکانیەوە یان ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە بەرستش ومامەڵەکردنەوە هەیە بە تێگەیشتنی هاوەڵەکان پێغەمبەر خوای گەورە لێیان ڕازی بێت؛ چونکە ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەر ژیاوون و شارەزای تەفسیری قورئان و زمانی عەرەبی بوون، وە ئەوەی پشت بکات لە تێگەشتنی ئەوان ئەوە ڕێگای ڕاستی وون کردوە.

ئیمامی ئەحمەد ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەڵێت: ((بنچینەکانی سوننەت لە لامان دەستگرتنە بەوەی کە هاوەڵەکان لەسەری بوونە ووازهێنانە لە داهێنراوەکان)).

وە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەڵێت: ((ئەوەی بە قورئان وسوننەت وئیجماع بڵێت، ئەوە لە ئەهلی سوننەت وجەماعەتە)).

وە مەبەست لە ئیجماع ئەوەیە کە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا لەسەری بوون لە زانست و کار و بیروباوەر و تێگەیشتن و بانگەواز.